The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# ناوەندی چاك لەیادی كۆمەڵكوژی قارنێدا وەكو ساڵانی ڕابردوو چەپكێك چالاكی بە هاوكاری كۆمەڵێك حیزب وڕێكخراو ئەنجام دەدات

# نەرویج

| | |
|---|---|
| ناوەندی چاک ـ کۆمیتەی نەرویج<br>chakinorge@hotmail.com | حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نۆروێژ<br>info@pdki.no |

بـا قـارنێ و قەڵاتـان لەیاد نەکەین

ناوەندی چاک ــ کۆمیتەی نەرویچ و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمیتەی نۆروێژ لە 27 هەمین ساڵوەگەڕی تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی گوندەکانی قارنێ و قەڵاتان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە 1980/9/2 ی زایینی لە لایەن دەسەڵاتدارنی ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ئەنجام درا، سیمینارێک بۆ بەڕێز (د. حوسێنی خەلیقی) شارەزا لەبواری کۆمەڵناسیدا پێک دێنێ. کە بەڕێزی تیشکێک دەخاتە سەر تاوانی گەلکوژی بەگشتی و تاوانی قارنێ و قەڵاتان بەتایبەتی. دوابەدوای ئەویش بەڕێز Ole Elvestuen بەرپرسی ئۆسلۆی حیزبی لیبراڵی نۆروێژ( V )، وێڕای ئاماژە بە بابەتی سیمینار(ژێنووساید)، هەڵوێستی حیزبەکەیان لەمەڕ مەسەلەی کوردەوە بۆ ئامادەبوان باس دەکات.
ئامادەبوونتان ڕێز گرتنە لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانە و سەرجەم گیانبەخت کردووانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد!
شوێن و کاتی سیمینار بە شێوەی خوارەوەیە:

| | |
|---|---|
| قوتابخانەی لویتڤان<br>ڕۆژی هەینی، 2007/8/31<br>کات 17.30 تا 21.00 | Lutvann Skole, DR. Dedichens v. 75<br>Dato: Fredag, 31.08.2007<br>Tid: 17.30-21.00 |

بۆ زانیاری زیاتر لە گەڵ ئەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە پەیوەندی بگرن:

| | | |
|---|---|---|
| 90999269 | و | 99494876 |

| | |
|---|---|
| ناوەندی چاک، نەرویج | حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نۆروێژ |

# ئەڵمانیا

Qarne

## Erinnerung an Völkermord in Kurdistan teil Iran



**2ی سه پتامبر ، ڕۆژی کۆمه ڵکوژی گه لی کۆرد له ڕۆژ هه ڵات ،**

**بکه ین به ڕۆژی زیاتر ڕسواکردنی کۆماری تیرۆر و تاوان له ئێران**

**چاک ، ڕێکخستنی هانۆڤه ر** **به ها وکاری گرووپی موزیکی کارۆ**

**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران(ئاڵمانیا)**

**شوێن : پاویلۆن ، پشت بانهۆف هانۆڤه ر**

**به رواری 02.09.2007**

**کات : 16 تا 19 ی ئێواره .**

**هاتن بۆ هه مووانه !**

هۆڵەندا

## یادی کارەساتی قارِنێ لە شاری زۆتەرمیری هۆڵەندا
## بەبۆنەی 27 ساڵەی کارەساتی قارِنێوە
## "2-9 ڕۆژی کۆمەڵکوژی کوردان لە خۆرهەلاتی کوردستان"

وەکو ساڵانی ڕابردوو , ئەمساڵیش لە هۆڵەندا , بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیان قارِنێ و هەموو قوربانیانی خۆرهەڵات ناوەندی چاك و ناوەندی کوردی زۆتەرمیر و کۆمەڵەی سەربەخۆی پەنابەرانی ڕۆژهەڵات بەم بۆنەیەوە سمینارێك ساز دەکەن بۆ بەڕێزان :

- **مەلا برایم شایەد حاڵی کارەساتی قارِنێ .**
- **عەلی ڕەحیمی " کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت "**
- **مستەفا بەهمەنی "جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرهەق بەگەلی کورد " .**

ڕۆژ : یەك شەممە .

بەروار : 9-9-2007 , کاتژمێر 1ی پاش نیوەڕۆ

شوێن : شاری زۆتەرمیر – هۆڵەندا– شوێنی ناوەندی کوردی زۆتەرمیر

hodenpijlstraat10
2729EA-zoetermeer

**تێبینی** : **هەموو لایەك دەتوانن بروسکەی پشتگیری خۆیان بخوێننەوە** .

**هاتن بۆ هەمووانە .**

**ناوەندی چاك**

**ناوەندی کوردی زۆتەرمیر**

**کۆمەڵەی سەربەخۆی پەنابەرانی خۆرهەڵات**

---

## بەیانی ناوەندی چاك لە یادی کۆمەڵکوژی قارِنێدا

**2ی سه پتامبر ،ساڵرۆژی ده سپێکردنی ژێنو سایدی کۆرد له رۆژ هه ڵات !**

جه ما وه ری کۆردستان !
حێزب و رێکخراوه شۆڕشگێڕه کان !
رۆشنبیران ، ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستان !

ژنو سایدی گه لی کۆرد سه دان سا ڵه درێژه ی هه یه . خۆڕاگری و تێکۆشانی گه لی کۆرد ، بووه ته به شیک له داب و نه ریتی بۆ ژیانی باشتر و بۆ سه ر به ستی و نه هێشتنی کۆیله تی و بن ده ستی .
پارچه کردنی کۆردستان به سه ر 5 وڵات و ڕاو دوونانی کۆرد بۆ ئاسیای ناوه ند و رۆژ هه ڵاتی ناوین له سه ده کانی پێشوو، نه یتوانی کۆرد بتوێنیته وه . ده وڵه ته کان په یتا پهیتا گۆڕدران، شۆڕشه کانی کۆرد شکان یان هه ره سیان هێنا ، به ڵام سه ر له نوێ تێکۆشان و دیسان تێکۆشان هه ر به ر ده وامه .
رێژیمی تۆتالیتر و کۆنه په ره ستی ئیسلامی ئێران ، که به که ڵک وه رگرتن له ئایین و با وه ری شێعه کان له ئێران(ساڵی 1979) توانی ده سه ڵات به ده ستاوه بگرێت ، هه ر له یه کمین رۆژانی رۆخانی رێژیمی پاشا یه تی ، ده ستی دایه سه رکۆتی گه لی کۆرد و رۆشنبیرانی ئازادیخوازی ئێران .
له پاش شکسی هیزه کانی سه ر کۆت که ر ، که به فه توای خۆمه ینی له 28 ی گه لاوێژ ی1979 رژا بوونه کۆردستان ، ئا ستی درنده یی خۆمه ینی و به کرێگیراوانی گه یشته ئه و په ڕ و سۆپای تێرۆر و وه حشه ت ، کۆ مه ڵکۆژی پان و به رینی خۆی ، له شار و گۆنده کان ( میان دووئاو ، بۆکان، پیران شار ، مه هاباد، قارنێ و قه ڵاتان ، سه وزی ،ته ره گۆڵ ، ئیندرقاش ، وسووکه ند ، داشخانه ،قه ره قشلاق و کانی مام سه یی ، قۆن قه ڵا ، گه ره کێ ، سێ ئا شان ، سه ره و کانی و کۆلیج سۆفیان و شادله ده س پێکرد و نا وچه که به ته واوی که وته به ر په لامارو حه تا ، له پیاوی 109 ساله یش ده ستیان نه پاراست و گووله بارانیان کرد.. ژنی زه یسان به منداڵه وه خرایه ته نوور و کرا به خه ڵوز ، پۆل پۆل کچان و کوڕان گووله باران کران . مه ڕ و ماڵاتیان به تاڵان برا و کرا به خۆراکی سۆپا و به مجۆره تراژدیای کۆڕه کانی چه نگیز خانی مه غول له سه ر گه لی ساوا و بێ پشتیوانی کۆرد له رۆژهه ڵات دوپات کرا یه وه . و تا به ئه مرۆیش هه ر درێژه ی هه یه .
چاک ، رێکخراوی دژ به جێنو سایدی کۆرد ، ئه مسا ڵیش وه ک هه میشه یادی گیانبه ختکردوانی رۆژ هه ڵاتی کۆردستان زیندو را ده ده گرێ و داوا له هه موو ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستان ده کات 2ی سه پتا مبر بکه ن به رۆژی رسوا کردنی زۆرتری رێژیمی تێرۆریستی ئیسلامی ئێران .

چاک – کۆمیته ی رۆژ هه ڵات
12 ی ئاگۆستی 2007

www.chak.be chakrojhalat@hotmail.de